# سینەمای سێیەم

تۆماس لیچ
و: پەیمان عەلیپوور

سینەمای سێیەم، ئەو زاراوەیەیە، کە بەشێوەی باو دراوەتە پاڵ دوو بەرهەمهێنەری فیلمی ئەرجەنتینیی، بەناوەکانی فەرناندۆ سۆلاناس[1] و ئۆکتاڤیۆ گەتینۆ[2]. ئەم دوو کەسە دوای تەواوکردنی فیلمەکەیان بەناوی (کاتژمێری کوورەکان)[3] لەساڵی ١٩٦٨دا، مانیفێستی «بەرەو سینەمای سێیەم»[4] یان نووسی. مانیفێستەکە سێ جۆر لە سینەما دەخاتەڕوو و ڕوونیان دەکاتەوە:

سینەمای یەکەم: مۆدێلی بەرهەمهێنانی هۆلیوود (هەمان بەهاکانی بەرهەمهێنان لە پێوەرێکی گەورە دایە، کە لە وڵاتانی دیکەشدا جێبەجێ دەکرێت؛ بۆ نموونە سینەمای بۆلیوود.) خاڵی گرینگ بۆ سۆلاناس و گەتینۆ ئەوەیە، کە ئەم مۆدێلە لە بەرهەمهێنان یەکسانە لەگەڵ ئیدیۆلۆژیایەک، کە «پێوەندییەکی تایبەت لە نێوان فیلم و بینەر دادەنێت و سینەما وەک شوێنی نمایشی پەتیی[5] وێنا دەکات» (Chanan, 1997 pp375). سینەمای یەکەم، پەیامی ئیدیۆلۆژیای زاڵە، کە لە ڕێگەی ئایکۆنسازیی، ناوەرۆک، شێوازی بەرهەمهێنان و پێشاندانی گشتییەوە، دەگوازێتەوە. ئەمە بۆ من، ڕوونترین پێناسەی سینەمای یەکەمە و بەم شێوەیە ئەم سینەمایە، یەکەم حاڵەتە، کە سینەمای سێیەم دژایەتی دەکات.

سینەمای دووەم: نووسینی تیۆریانەی زۆر لە ئارادایە، کە بە ئاسانی سینەمای دووەم، لەگەڵ سینەمای دانەر[6] بە هاوسەنگ دادەنێت، بەڵام تێگەیشتن لە هەڵوێستی بەرهەڵستکارانەی سینەمای سێیەم بۆ دەرککردنی کرۆکی سیاسیی ئەو شتەی، کە مانیفێستەکە وەک سینەمای دووەم پێناسەی دەکات، زەرووریيە، چونکە ئەم مانیفێستە لەپێش هەموو شتێکدا، وەک مانیفێستێکی وروووژاندنی سیاسیی ڕەچاوکراوە. سینەمای دووەم، دەتوانێت نەک تەنیا سینەمای دانەر، بەڵکو هەروەها سینەمای هونەریی، سینەمای سەربەخۆی ئەمریکا و سینەما جۆراوجۆرەکانی شەپۆلی نوێش لەخۆبگرێت. سینەمای دووەم، دەستیکرد بە بەرهەمهێنانی بونیادەکانی تایبەت بەخۆی (لە هەردووک بواری فیلم دروستکردن، واتە پراکتیک و چیرۆکدا)، هەروەها بونیادەکانی بڵاوکردنەوە، نمایشکردن و بونیادە سیاسییەکانی تایبەت بەخۆیەوە– لای سۆلاناس و گەتینۆ ئەم سینەمایە لەحەقیقەتی خۆیدا بووە بە دامەزراوەیەکی بۆرژوازیانە؛ «بەرزخوازییەکی نابەجێیانە[7] بۆ پەرەدان بە پیشەسازییەکی فیلم لەپێناو پێشبڕکێکردن لەگەڵ سینەمای یەکەمدا؛ ئەمە توانیی تەنیا ببێتە هۆی بەدامەزراوەییکردنی تایبەت بەخۆی لەنێو سیستێمەکەدا، کە زیاتر ئامادەبوو هەتا سینەمای دووەم لە پێناو پێشاندانی فرەیەتی دیموکراتیک، لە ژینگە کولتوورییەکەی خۆیدا

بەکاربێنێت. ئەم گروپانە لەڕووی سیاسییەوە ڕیفۆرمیست بوون، بۆ نموونە لە دژایەتیکردن لەگەڵ سانسۆردا، بەڵام لە وەدەستهێنانی هەرچەشنە گۆڕانکارییەکی قوڵدا بێتوانابوون. ئەوان بەتایبەت لە ڕووبەڕووبوونەوە، لەگەڵ ئەو جۆرە سەرکوتکارییە بێجڵەوەی، کە لە ڕێگەی سەرکەوتنی کۆنەپەرەستەکان و هێزەکانی لایەنگری فاشیزمەوە پەیڕەودەکرا، لاوازبوون» ( Chanan, 1997 pp375-376). ئەمە دەریدەخات، کە سینەمای سێیەم؛ نەک تەنیا دژی سینەمای یەکەمە، بەڵکو بەشێوەی ڕاستەوخۆ بەرهەڵستکاریی سینەمای دووەمیش دەکات. لەڕاستیدا سینەمای دووەم، هەم لە ناوەرۆکدا و هەم لە بەرهەمهێناندا، دەتوانرێت وەک ملکەچ و گوێڕایەڵی سینەمای یەکەم سەیر بکرێت.

سینەمای سێیەم: «ئەوشتەی کە سینەمای سێیەم دیاری دەکات، چەمکی جیهانە، نەک ژانر یان هەر جۆرە ڕێبازێکی سیاسیی ڕاشکاوانە. سینەمای سێیەم، دەتوانێت هەموو چیرۆک و بابەتێک وەربگرێت. سینەمای سێیەم، لە وڵاتە ناسەربەخۆکاندا، سینەمای ڕاماڵینی کۆلۆنیالیزمە،[8] کە دەربڕی ویستی ئازادیی نەتەوەیی، جەماوەریی و دژایەتیکردن لەگەڵ ئەفسانە، ڕەگەزپەرەستی و بۆرژوازییەتە» (Solanas&Getino, 1969 pp23). سینەمای سێیەم، ئەلتەرناتیڤێکی ڕاستەوخۆیە بۆ سینەمای یەکەم و دووەم. ئەم سینەمایە دژی بەرهەمهێنانی باو و هەروەها وەرگرتنەکانی سینەمای یەکەم و دووەمە لە ئاستی ئیدیۆلۆژیکدا؛ فیلمەکانی سینەمای سێیەم، هەم لەڕووی ناوەرۆک و هەم لەڕووی پراکتیکەوە سیاسیین. سینەمای سێیەم، سینەمای جیهانی سێیەم نییە، هەرچەند بەشێوەی باو ئەمەی دەخرێتەپاڵ. لەگەڵ ئەوەشدا، کە وتارە ورووژێنەرەکەی سۆلاناس و گەتینۆ، ناونشانی لاوەکی «تێبینییەکان و ئەزموونەکان سەبارەت بە گەشەکردنی سینەمایەکی ڕزگاریدەر لە جیهانی سێیەمدا» هەبوو، بەڵام ئەوان سینەمای سێیەمیان وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر بە سینەمای یەکەم و دووەم دادەنا، نەک وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر بە جیهانی یەکەم و دووەم. سینەمای یەکەم، سینەمای بۆلیوود لەخۆدەگرێت، کە لە وڵاتێکی جیهانی سێیەم دروستدەکرێت. هەروەها سینەمای سێیەمیش دەتوانێت ئەو فیلمانە لەخۆبگرێت، کە لە وڵاتانی جیهانی یەکەمدا دروستدەکرێن (هەر بۆیە مەبەستمە، کە بەڵگە بخەمەڕوو): «"فیلمی دەنگوباس"[9]ی گروپێکی فیلم دروستکردنی چەپی نوێی ئەمریکا، "فیلمە هەواڵییەکان"[10]ی بزووتنەوەی خوێندکاریی ئیتاڵیا، فیلمەکانی "بارودۆخە گشتییەکان"[11]ی سینەمای فەرانسە و فیلمەکانی بزوتنەوە خوێندکارییەکانی بەریتانیا و ژاپۆن.» (سۆلاناس و گەتینۆ، وەرگیراو لەChanan, 1983 pp17). بۆ ئەوەی سینەمای سێیەم لەنێو ژینگەیەکی هاوچەرخانەتر دابنێین، ئاماژە بە فیلمەکانی ئالان کلارک و مایکڵ هانیکە[12] دەکەم، وەک نموونەکانی سینەمای سێیەم لە ٢٠ ساڵی ڕابردوودا. بەتایبەت لەسەر ئەو بڕوایەم، کە فیلمی «فیل»ی کلارک و «یارییە پێکەنیناوییەکان»[13]ی هانیکە، دوو دانە لە باشترین نموونەکانی کاردانەوەی سینەمای سێیەمن لەبەرانبەر نمایشکردن توندوتیژیدا. هەردووک فیلمەکە تەنگ بە بینەر هەڵدەچنن هەتا سەیری

دەرەوەی بونیادە فۆڕماڵە سینەماییەکانی سینەمای یەکەم بکات و پرسیار لەخۆی بکات، هەروەها هەردووک فیلمەکە تەنگ بە کۆمەڵگەی خۆشیان هەڵدەچنن. فیلمی «فیل» لەبارەی کولتووری کوشتن لە ئایرلەندی باکوور دایە و فیلمی «یارییە پێکەنیناوییەکان»یش لەبارەی قەبوڵکردنی توندوتیژی لەسەر پەردەی سینەما لەلایەن بینەرەوەیە.
دەمەوێت ئاوڕ لە شتێک بدەمەوە، کە بە سێ توخمی سەرەکی دەزانم لە پێناسەکردنی سینەمای سێیەمدا و هەروەها، وەک ڕێبازە بەرهەمهێنانییە زیاترەکان لە تاوتوێکردنی بەرهەمەکانی جەنینگز[14] بەکاریان ببەم. ئەو ڕووبەرانەی، کە من شیکاریان بۆ دەکەم ئەمانەن: بەرهەڵستی سیاسی، بەکارهێنانی فیلمی «ئاگرەکان داگیرسان»[15]، سینەمای نەتەوەیی لە فیلمەکانی سەردەمی جەنگی ئەودا، بەرهەڵستی گێڕانەوەییانە، پرسیارەکانی بینەران و کارلێککردن لەڕێگەی بەکارهێنانی فیلمی «گوێبگرە لە بریتانیا.»[16]

**سەرنج:**
ناونیشانی ڕەسەنی ئەم وتارە "چوارچێوەیەکی تازە" بوو، وەرگێڕی فارسیی، کردوویەتییە سینەمای سێیەم، وەرگێڕی کوردییش، وەک ئەمانەت پارێزییەک، هەمان ناونیشانە فارسییەکەی "سینەمای سێیەم"ی بۆ دەستنیشانکردووە.

پەراوێزەکان:

1- Fernando Solanas: فەرناندۆ سۆلاناس لە ١٦ی شوباتی ١٩٣٦ لە شاری بوێنس ئایریسی پایتەختی وڵاتی ئەرجەنتین لەدایکبووە. یەکەم کورتە فیلمی خۆی بەناوی «وەڕێکەوە» (Seguirandando) لەساڵی ١٩٦٢ دا سازکرد. دووەم فیلمی خۆی لەساڵی ١٩٦٨ دا، لەگەڵ گەتینۆ دروستکرد، کە بەناوی «کاتژمێری کوورەکان» بوو، کە تێیدا ئاوڕ لە کۆلۆنیالیزمی نوێ و توندوتیژی لە ئەمریکای لاتین دەداتەوە.
2- Octavio Getino:-ئۆکتاڤیۆ گەتینۆ لە ٦ی ئابی ١٩٣٥ لە شاری لیۆنی ئیسپانیا لەدایکبوو و لەساڵی ١٩٥٠ کۆچیکرد بۆ وڵاتی ئەرجەنتین و لە ١ی تەشرینی ساڵی ٢٠١٢ بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوەماڵئاوایی لەژیان کرد.
3- Hour of the Furnaces (La Hora de los Hornos)
4- towards a third cinema (hacia un tercer cine)
5- pure spectacle
6- cinema d'auteur -سینماالمؤلف
7- a misplaced ambition
8- cinema of decolonization

Newsreel -9

Cinegiornali -10

EtatsGeneraux du -11

Alan Clarke and Michael Haneke -12

Funny Games -13

Jennings -14

Fires Were Started -15

Listen to Britain -16

سەرچاوەی وەرگێڕانی ئەم وتارە:


1- **A Fresh Framework**, Author:Tomas Leach in www.zenbullets.com

2- سینمای سوم، چارچوبی نو نویسنده: توماس لیچ، ترجمه محسن قادری- www.anthropology.ir

3-